ئەرشیفی بابەتەكانی فێرگەی هەموو بۆ كوردان

**دروستكردنی فیلمێک لە فۆتۆشۆپ.**

نووسەر:
:@

لەم وانەیەدا فێر دەبین، چۆن كۆمەڵێك وێنە لە شێوەی فلیمێكدا دروست بكەین. وەك ئەم نمونەیەی خوارەوە ؛



وێنەیەكی نوێ دەست پێ دەكەین، من بە پێوانی 180 پانی ، 380 بەرزی تەختێكی نوێ دەكەمەوە.

چینێكی نوێ دروست بكە، Layer>New>Layer و پاشان ئامرازی دیاریكردنی چوارگۆشەیی هەڵبژێره



دڵنیابە كە چینە دروستكراوەكە دەستنیشانكراو



ڕەنگی لاکێشەکە دەکەم بە ڕەش




چوارلایەکی بچوك لە قەراغی سەرەوەی لاکێشە ڕەشەکە دروست دەکەم، پاشان بە هەمان کرداری سەرەوە، ڕەنگی سپی دەکەم.
تاکو چوارلا بچوکەکان بە هەمان پێوان دووبارە ببنەوە، سێ دووگمەی ctrl+shift+alt بەکاردێنم و بە داگرتنی لای چەپی ماوسەکە لە هەمان کاتدا لە ژێر یەکدا ڕیزیان دەکەم، بەهەمان شێوە بۆ لای ڕاست دووبارەی دەکەمەوە




ئینجا ئەو وێنانەی کە دەمەوێت لە فلیمکەدا دایان نێم ، یەك لەدوای یەك دەیانکەمەوە.

بە دوو دوگمەی ctrl + A وێنەکان دیاریدەکەین و بە ctrl + C کۆپی دەکەینە سەر فلیمەکە. لە ژێر یەکدا ریزان دەکەین

گەر وێنەکان لە ئاستی فلیمەکە درێژتر بوون، چاکیان دەکەین و زیادەکان دەبرین.



ئێستا دێین چینەکانی وێنەکان دەبەستینەوە بەیەکەوە ؛




تاکو هاوکات کاریگەرییەك بەسەر هەموو وێنەکەدا ئەنجام بدەین، یەك چین پێکدەهێنین، بە دوو دوگمەی ctrl + E هەموو چینەکان دەکەین بەیەك.




برۆ بۆ لیستەی Filter و پاشان Distort و لەوێدا shear کرتە بکە

پەنجەرەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە دەکرێتەوە ؛

بە خواستی خۆمان، جوڵانی فلیمەکە بە کلیك کردن و گرتنی ماوسەکە بەسەر هێڵە ستوونەکدا، ڕاست و چەپی پێدەکەین تا شێوەی فلیمێك پێکدێنین ؛




پەنجەرەکە بە OK کۆتایی پێ بهێنە، دەبینین وێنەکە بەم شێوەیەی لێهاتووە ؛



کۆتایی

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت